وەزارەتی خوێندی باڵایی ئۆکرانیا

زانکۆی چیرنەڤێتسکی یوری فیدکۆڤیچ

ئاسۆ ئاراز قادر

# کوردوستانی عێراق  لە سیستەمی هاوچەرخی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان

لە بواری

23.00.04 - کێشە سیاسیەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی و گەشەی جیهانی

UDC 327: [622.32:338.45] (567=222.5:560)

کورتکراوەیی نامەی دکتۆرا

چیرنیڤتسی -2020

**ئەم نامەیی دکتۆرایە تەواوکراوە لە زانکۆیی لڤۆڤ ئیڤان فرانکۆ لە کۆلێژی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و دلبلۆماتکاران کەسەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵایی ئۆکرانیایە .**

***سەرپەرشتیار***: **مەرۆز یووری نیکۆلایڤچ**

**یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە کۆلێژی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و دلبلۆماتکاران, پاڵێوراو لە زانستی مێژوویدا لە زانکۆیی لڤۆڤ**

**ڕکابەرەکان :**

1. **فیدونیاك سیرگێی گریگۆریڤیچ**

**پرۆفیسۆر و دکتۆرا لە زانستە ڕامیاریەکان لە زانکۆیی چیرنەڤێتسکی یوری فیدکوڤیچ**

2. **پاڤلیوك ئۆلیسیا ئیگۆرڤنا** **یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە کۆلێژی فەلسەفەو دەروونناسی لە زانکۆیی بۆکەڤێنیا**

**نامەیی ئەم دکتۆرایە لە بەرواری** 30.10.2020 **دا گفتوگۆی پێکراوە لە سەعات** 10:00 **بەیانی لە دانیشتنێکی تایبەت کە بە بەژداربووی لیژنەیەکی تایبەت لە دانیشتنی ژمارە:** 76.05.03 **لە زانکۆی چیرنۆڤێتسکی یوری فیدکوڤیچ کەلە ناونیشانی :**58012 **, لە سەر جادەیی کاتیدرای,** 2**, هۆڵی ژمارە** 33.

**وە ئەم نامیلکەیەی دکتۆرایە بەردەست دەکەوێت لە کتێبخانەی زانکۆی چیرنۆڤێتسکی یوری فیدکوڤیچ کە لە- ناونیشانی:** 58000**, چیرنەڤتسی, جادەیی لیسیی ئۆکراینکی,**23.

**ئەم کورتکراوەی نامەیی دکتۆرایە نێردراوە بۆ لیژنەی هەڵسەنگاندن لە بەرواری** 29.09.2020 **دا.**

**سکرتێری لیژنە**

**لیژنەیی تایبەت**

**میلینچوك**

**ناوەڕۆك**

**پێشەکی** ..........................................................................

**لیستی زاراوە کورتکراوەکان** ...........................................................................

1.**گرنگترین تویژرو ئەو میتۆدۆلۆژیانەی کەلەم لیکۆلینەوەیەدا بەکارهاتوە** ........................

1.1.**چەمکی لێکۆڵینەوەی توێرو میتۆدۆلۆژیای بونیاتنانی ئۆتۆنۆمی کوردی وە ڕۆلی سەرەکی لە سیستەمی هاوچەرخی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان** ..............................................................

1.2. **بنەمایی سەرچاوەی لێکۆڵینەوەکەو وە ئەو چارەسەرە زانستیانەی کە بۆ کێشەکان پێشنیارکراون**............

**دەرەنجامی بەشی یەکەم**.............................................................

2. **پێکهێنانی ئۆتۆنۆمی کورد و پێگەی سیاسی لە پێکهاتەی عێراقدا** ......................

2.1. **پێگەی کوردوستانی عێراق و پەیوەندی دوولایەنەی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا**..........

2.2. **ڕۆڵی فاکتەرەکانی وەزە لە سیاسەتی ئۆتۆنۆمی کورددا** ......................................

**دەرەنجامی بەشی دووەم**..............................................................

3.**کوردوستانی عێراق لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا** ......................................

3.1.**گەشەسەندنی پەیوەندی ئۆتۆنۆمی کوردی لەگەڵ هاوبەشە ناوچەیو و ئەوروپیەکاندا** ....

3.2.**تایبەتمەندی پەیوەندی نێوان کوردوستانی عێراق لەگەڵ ئەمەریکادا** ................

3.3.**هاوکاریکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ کوردوستانی عێراق** ......................

**دەرەنجامی بەشی سێهەم** ..............................................................

**پوختە** ..........................................................................

**سەرچاوە بەکارهاتووەکان**............................................................

**پاشکۆکان** ..........................................................................

**تايبەت مەندی کارنامەیی دکتۆراکە بە گشتی**

***<u>گرنگی بابەتی لێکۆڵینەوەکە</u>*** **: لەمڕۆدا کورد نەتەوەیەکە ,بەشێکن لە گرووپە ئیتنیکی ناوچەکە کە دابەشبوە بەسەر چوار دەولەتی سەربەخۆدا وەك: تورکیا ,سوریا , عێراق وە ئێران . کوردستانی عێراق تاکە زوویی کوردە کە توانیویانە ئۆتۆنۆمیەکی سیاسی فەرمی بەرفراوان بۆخۆیان بەرجەستە بکەن و دەسەلاتی فەرمان ڕەوای و هێزێکی سەربازی تایبەت بەخۆیان هەبێت. هەرچەندە هەرێمی کوردوستان ئابووریەکی بەهێزی نیەو وە توانای دیموگرافیایی کەمی هەیە ,بەلأم لە چالاکیە نێودەولەتیەکاندا توانیویتی ببێتە بەشێك لە پێکهاتەی سیاساسی لە هەموو ڕۆژهەلأتی ناوەراستدا .ئەمەش هۆکارێکە بۆ گرنگی پێدان لەسەر پرسی کورد لە عێراق , وە لەهەمان کاتدا کاریگەری هەیە بۆسەر بەرژەوەندیەکانی چەند ولاتێکی ناوچەکە ,وەکو ئێران و تورکیا,بەتایبەتی لەم ریفراندۆمە کە بۆ سەربەخۆی ئە نجامدرا لە هەرێمی کوردوستان کە دەی توانی داهاتوەیەکی سیاسی بۆکورد لە عێراق بەدی بهێنێت وە ئەم پرۆسەیە دەنگدانەوەیەکی گەورەی دایەوە لە مەیدانی نێودەولەتیدا.وە لە پالْ ئەمەشدا بەژداری کردنی کوردوستانی عێراق لە پرۆسەی سیاسی نێودەولەتی, پێوانەیەکی گرنگی دەبێت بۆ دیاریکردنی ڕێژەیی دیموکراتی و مافی مرۆڤ. وە ئەمەش ئالیەتیەکە بۆ مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوەیەك . کە پرسی کورد دەخاتە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەولەتی و بانگی داواکردنی مافەکانی دەکات بەرێگەی ئاشتەوایانە دور لە شەرانگێزی .**

**لەم لکۆلینەوەیەدا تیشك لەسەر کێشەو پێگەو ڕۆڵی کوردوستانی عێراق لە سیستەمی پەیوەندیە نێو دەولەتیەکان دەکرێت,کە گرنگی زۆرە بۆ شیکردنەوەی دۆخی سیاسەتی نێودەولەتی لە ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستدا,وە هەلسەنگاندن بۆ دینامیك و پێشنیارو گریمانە جیاوازانەی کە دەبێتە هۆی ئاما نجی سەرەکی بۆ هەلبژاردنی بابەتی لێکۆلینەوەکەمان .**

## ***پلانی بابەتەکە و گەیاندنی کارەکە بە پرۆگرامێکی زانستی :***

**ناميلكەی لێكۆڵینەوەكە پەیوەندی هەیە بە كێشەیەكی زانستی كە لە بەشی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان و دلبلۆماتكاران لە كۆلێژی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان لە زانكۆیی لڤۆڤ كاری لەسەر دەكرێت, ئەم ناميلكەیەش دەچێتە چوارچێوەی بابەتی (ناوچە هاوپەیمانیە ئەتلەسیەكان لە سیاسەتی هاوچەرخی نوێدا ) وە ئەم بابەتە بەشێوەیەكی فەرمی لە وەزارەتی خوێندنی بالا تۆماركراوە (ژمارەی تۆماركردن:** 0114K004774 )

***ئاماج و مەبەستی لێكۆڵینەوەكە*** **:ئامانجی ليكۆلینەوەكەمان پێكدێت لە تايبەتمەندی ناوەڕۆكی پێگە و ڕۆڵی كوردوستانی عێراق لە سیستەمی هاوچەرخی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان,وە پێناسەكردنی گرنگترین فاكتەرو دینامیكی و پێشبینی كردنی گەشەی پەیوەندیەكانی ئۆتۆنۆمی كورد لە عێراق و گرنگترین هاوپەیمانە بیانیەكان لە جیهاندا.**

**بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئامانجەكانمان پێویستمیان بەم خاڵانەی لای خوارەوە هەیە بۆ لێكۆڵینەوەكە :**

1.**دۆزینەوەی ناوەڕۆكی كێشەی كورد لەعێراق بەدرێژایی مێژوو:**

2.**شیكردنەوەی تایبەتمەندی ئەویاسایانەی كە تایبەتە بە پەیوەندی ئابووری و سیاسی حكومەتی هەرێم لەگەڵ حكومەتی ناوەندی عێراق :**

3.**دیاریكردنی كاریگەری كەرتی وزە و نەوتیەكان لەسەر پەیوەندی نێوان هەولێرو بەغداد :**

4. **شرۆڤەكردنێك بۆپەیوەندیەكانی كوردوستانی عێراق لەگەڵ ولایەتەیەكگرتوەكانی ئەمەریكا, وە كاریگەریەكانی لەسەر پێگەی ناوچە كوردیەكان و پێشبینیە سیاسیەكان:**

5.**دیاریكردنی تایبەتمەندی وخاسیەتەكانی پەیوەندی كوردوستانی عێراق لەگەڵ توركیاوئێران وە لەهەمان كاتدا ئەو ولآتانەی كە بەژدارن لە پرۆسەی سیاسی جیهانی لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا :**

6. **تیشك خستنەسەر كاریگەریەكانی ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان لەسەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردیدا :**

**بابەتی لێکۆڵینەوەکە (توێژینەوەکە):** سەرهەڵدان و کارکردنی کوردوستانی عێراق لە میانی ئابووری کۆمەڵایەتی و پرۆسەی سیاسی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا .

**باسی(کرۆکی) لێکۆڵینەوەکە:** بریتیەلە تایبەتمەندی و دینامیکی دولایانەی ناوچەی کوردوستان لەگەڵ دەسەلاتدارانی بەغداد و هاوپەیمانیە نێودەوڵەتیەکان, وە لەهەمان کاتدا پێگەی کورد لە سیستەمی هاوچەرخی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەسەر ئاستی ناوچەکەدا .

***چوارچێوەی روداوەکان*** :ناوەرۆکی بابەتی لێکۆڵینەوەکە باس لە ڕوو داوەکانی دوای 2003 دەکات لەعێراق,بەتایبەتی کە ڕژێمی صەدام حسین رووخا و کوردیش لە عێراق پێگەیەکی سیاسی نوێی بۆ دروست بوو. لەگەڵ خوێندنەوەیەك بۆ ئەوکێشە راستەقینانی کە هەرێمی کوردوستان هەیەتی لە ئاستی پەیوەندیەنێودەوڵەتیەکان کە زیندوبونەوەی کێشە کۆنخوازەکانی کوردە لە عێراق . وە لەبەر ئەم هۆکارە کۆنترین چوارچێوەی ڕووداوەکان لەم لێکۆڵینەوەیەدا کە باسکراوە لە ساڵی 1918 دایە لە کاتی هەرەس هێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وە دروست بوونی چەند دەوڵەتێك لە سەر ئەو زەویانەی کە لەژێر دەستی عوسمانیەکاندابوون وە بەتایبەتیش یەکێك لەو دەوڵەتانە شانشینی عێراق بوو ,وە تازەترین چوارچێوەی رووداوەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2018 .

**مێتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** دیاریکرنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە بەندە بە چەند پرانسیپ و مێتۆدی زانستیانە کە بەنجام گەیشتون, بۆدیاری کردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە مێتۆدی گشتی زانستی شیکاری و پێکهێنانی (سینتز), وە مێتۆدی لۆژستی (ئیندوکس و دیدوکس) وە مێتۆدی رووتاندن(ئەبستراکت). نوسەر هەوڵ دەدات ئەو پرانسیپە زانستیانەی ئەگریتە بەر کە چەند بیرۆکەیەکی گرنگی ئەکتەرە سیاسیەکان کە پشت بە بنەمای زانستی دەبەستێت.

بەکارهێنانی پەیڕەوی کێشەی ڕووداوەکان یارمەتیمان دەدات بۆ دەست نیشان کردنی ئامانجی کارەکەمان و دارشتنی پلان و پێکهاتەی کارەکەمان.

**بەکارهێنانی پرانسیپە مێژووییەکان بۆ دیاری کردنی کێشەی بابەتەکە لە ڕووداوێکی مێژووی کەبەسەر کورددا هاتوە لە عێراق . وە لە ناوەڕۆکی بابەتی لێکۆڵینەوەکە دا گرنگی دەدات بە پرانسیپی چارەنوس سازانە بۆ گەران بە دوای ئەو هۆکارو رووداوە ئابوریی و کولتووری کۆمەلایەتی وە سیاسی کە کەلکی لێوەردەگیرێت بۆ لێکۆڵینەوە.**

**مێتۆدی بەراوردی بەکارهاتوە وسودی لێبینراوە لە شیکردنەوەی ئەو ئاراستانەی کە کوردوستانی عێراق هەیبوە لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا وە لە هەمان کاتدا پێوانەی کێشەکانی کورد لە عێراق .**

**<u>دەرئەنجامە زانستییەکانی تویژینەوەکە</u>: دەرەنجامی زانستی پێکدێت لەوەی کە تێزی ئەم تویژینەوەیە یەکەم کاری تویژینەوەی زانستی سیاسیە لە ئۆکرانیا لەسەر دەوڵەتێك و پێگەی سیاسی کوردوستانی عێراق نوسرابێـت, کە پێکدێت لە کۆمەڵك شیکاری هاوچەرخانە بۆ ئەو پەیوەندیە نێودەوڵەتیانەی کە بەیەکیانەوە ببەستنەوەو وە کاری گەری دولایانەیان هەبێت لەسەر ئەم بابەتە .**

**<u>یەکەم:</u>**

- **زۆر بەوردی شیکاری کراوە بۆ ماف وتایبەت مەندی پەیوەندی سیاسی دولایانەی ئۆتۆنۆمی کورد لەگەڵ دەسەلاتی مەرکەزی لە ولاتەکە , کە گرنگترین ئەو راستیانە و دینامیکانە دەردەخات لە پێك هێنانیدا.**
- **دیاریکردنی ئەو پەیوەندیە تایبەتیانەی کە حکومەتی هەرێم هەیەتی لەگەڵ ئەمریکا ,تورکیا ,ئێران , ڕوسیا و چەند ولاتانێکی دیکە .**
- **ڕوونکردنەوەیك بۆ کارکردنی حکومەتی هەریم لەگەل ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان. شیکردنەوەی ئەو گۆرانکاریانەوی کەلەم دوایانەدا بەسەر پێگەی کورداهاتوە, وە خستنە ڕوی ئەگەرە جیاوازەکان بۆ گەشەسەندنی لە داهاتودا .**

**بەرەو پێشبردن بابەتەکە :**

- **لەچەند سەرچاوەیەکی گرنکدا باس لە پێگەی کوردوستانی عێراق دەکات لە پرۆسە جیهانیەکان لە رۆژهەلآتی ناوەڕاستدا لە ساڵەکانی** 1990 .
- **وە چەند لێکۆڵینەوەیەك کاریگەری کەرتی وزە لەسەر گەشەی ئابووری حکومەتی هەرێم لە عێراق .**

**گرنگترین ئەو پێشکەوتنانەی کە دەستمان کەوتوە :**

- **تێگەیشتنی بنەبڕکەر کە پەیوەندی هەیە بە ڕوخساری مافە سیاسیەکان لەم لێکۆڵینەوەیەدا.**
- **شیکردنەوەی تایبەت بۆ نوسینەوەی دەستوری عێراق دوای** 2003
- **دیاری کردنی ئەو کێشە ڕەهەندیانەی کە لە ناوچە کوردیەکاندان لە چوارچێوەی پرسی کورد لە تورکیا ,ئێران , سوریا :**
- **ڕوونکردنەوەی بنچینەی کێشە مێژووەکانی کورد لە عێراق .**

***بایەخی پراکتیکی دەرئە نجامەکان:***

**لە ئە نجامی ئەم لێکۆلینەوەیەماندا دەتوانرێت بەکاربێت بۆ دابین کردنی زانیاری تەواو بۆ نێردراوە دیپلۆماتکارەکانی ئۆکرانیا لە عێراق و ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست وە ئەوکەسانەی کەلە ئۆرگانەکانی دەسەلاتدا کاردەکەن کە گرنگی بە سیاسەتی دەرەوە دەدەن لە ئۆکرانیدا.وە لەهەمان کاتدا ئەم لیکۆڵینەوەیە سود بەخشە بۆ گەشەسندنی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەو ناوچەیەدا وە بە تایبەتی کە کاریگەری زۆری هەیە لە گۆرانکاری نرخی نەوت لەجیهاندا.**

**دەرە نجامی لێکۆلەر دەتوانرێت بەرکاربهێنرێت لە پرۆسەی خوێندنی بالآدا, وە بۆ ئامادەکردنی پرۆگرامی خوێندن وە نوسینی پەرتوك لە بوارەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی ولاتانی ئاسیا ,وە نووسینی پەرتوکی تایبەت بە کۆرسی وانە وتنەوەی زانستە رامیاریەکان بەتایبەتی بابەتی کێشەی مافی مرۆڤ و نەتەوە کەمینەکان( ئیتنۆلۆژیا ) و مافی چارەی خۆنوسین و پەیوەندی نێوان کەمینەکان ه.ت.د..**

***هەوڵە تایبەتەکانی توێژەر*** : هەموو دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە لایەن نووسەرەوە نوسراوە، کە لە لێکۆڵینەوەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

***پەسەند کرنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە :***

**گرنگترین ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە پەسەند کراوە لە چەند کۆنفرانسێکی زانستی وەك :**

- **شانزەهەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی بۆ خوێنکارە تازە پێگەیشتوەکان و خوێنکارانی دکتۆرا لەژێر ناونیشانی "بەڕێوەبردنی گەشەی سیستەمی ئابووری کۆمەلأیەتی :جیهانگیری,کاری سەربەخۆ ,گەشەی سەقامگیر " لە شای ڤینیتسا –ئۆکرانیا** 2016 .
- **کۆنفرانسی زانستی ئۆنلان لەسەر ئاستی ئۆکرانیا بە بۆنەی** 25 **ساڵ یادی سەربەخۆی ئۆکرانیا کە بابەتی زانستە ڕامیاریەکان و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە خۆدەگرێت. "لە شای ڤینیتسا –ئۆکرانیا** 20 **ئازاری** 2016
- **کۆنفرانسی زانستی و پراکتیکی بە بەژداربوانی نێودەوڵەتی لەژێر ناونیشانی " کێشەی بەرێوەبردنی گشتی و گەشەسەندنی لە ئۆکرانیا" – لڤۆڤ-ئۆکرانیا** 11-12 **نیسان** 2019 .
- **کۆنفرانسی زانستی زانکۆی لڤۆڤی نیشتمانی ئیڤان فرانکۆ** ( 11.11.2017 ) **کەتایبەت بە بابەتی تێزی دکتۆراکە لە بەشی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و دبلۆماتکاران بەڕێوەچوە .**

***بلأوکراوەکانی نووسەر ( توێژەر):***

**بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە نووسەر** ( 11 ) **ووتار کە** 5 **لەو وتارانە زانستین و لە کۆڤارە زانستیەکانی ئۆکرانیادا بلأوکراونەتەوە , وە یەکێك لەو وتارارنە لە دەرەوەی ئۆکرانیا بلأوکراونەتەوە, وە** 5 **لەو وتارانە بەژداریان پێکراوە لە کۆنفرانسی زانستی .**

**قەبارەو دارشتنی توێژینەوەکە :**

**ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە پێشەکیەك, لیستی زاراوە کورتکراوەکان, سێ بەش ,دەرەنجامێك,سەرچاوە بەکارهاتووەکان. قەبارەی گشتی لێکۆڵینەوەکە پێکهاتوە لە 223 لاپەرە,وە 175 لاپەرە تێکستی تەواوە. وە ئەو سەرچاوانەی کە بەکارهێنراون 283 سەرچاوەن .**

***گرنگترین ناوەڕۆکی توێژینەوەکە :***

**لە پێشەکی لێکۆڵینەوەکە گرنگی ئەم بابەتە زانستیە دەخاتە بەرچاوو کە پەیوەستە بە لیکۆلینەوەی زانستی لە بەشی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و دبلۆماتکاران لە زانکۆی لڤۆڤی نیشتمانی ئیڤان فرانکۆ وە دەستنیشانی هەریەك لە بایەخی بابەتی لێکۆڵینەوەکە,ئامانج و مەبەستی توێژینەوەکە دەکات,وە مێتۆدی لێکۆڵینەوەکە,وە دەرئەنجامە زانستییەکانی توێژینەوەکە,وە بایەخی پراکتیکی ئەو دەرئەنجامانەی کە بە دەست گەیشتوون .**

**بەشی یەکەم : گرنگترین توێرو ئەو مێتۆدۆلۆژیانەی کەلەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهاتوە:**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە پێك دێت لە بنەمایی تیۆر و مێتۆدی گەشەسەندنی کێشە زانستیەکان, وە سەرچاوەسەرەکیەکانی ئەم بابەتی لێکۆڵینەوەیە دەگرێتەوە ,وە هەروەها لایەنی مەنهەجی لێکۆڵینەوەکە کە پێکدێت لە ئۆتۆنۆمی کورد لە عێراق.**

**لەبەشی یەکەم لقی 1.1 : باس لە " گەشەی دۆخی زانستی و بنەمایی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە" دەکات, وە ئەو تاییەت مەندی ئەو سەرچاوانەی کەبەکارهاتون لە کاتی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکە , وەلەهەمانکاتدا خوێندنەوەیەك بۆ کێشەکانی ئەم بابەتە لە ناوەوە لە دەرەوەی ئۆکرانیا .**

**تێبینی دەکرێت کە کێشەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و پرسە مێژوویەکان و کێشەکانی گەشەی سیاسی دەوڵەتبوونی کوردوستانی عێراق بۆ یەکەم جار بوبەسەرنج لای لێکۆڵەرە ئۆکرانیەکان لە کۆتایی ساڵی 1990 دا . لە لێکۆڵینەوە**

**مێژووەکانی ئۆکرانیادا بابەتی لێکۆڵینەوەی نوسسەر نزیك دەبێتەوە لەو بابەتانەی کە بڵاوکراونەتەوە لەلایەن ئەو لێکۆڵەرە بیانیانەی کە لە ئۆکرانیان .**

**بە درێژایی ئەوشیکردنەوانەی کە گرنگی داوە بە پرسی کورد لە عێراق لە لێکۆڵینەوەکان و چەند وتارێکی زانستی (ماکوان قادر حەمە عەلی ) دەبینرێت کە بە یەکێك لەولێکۆڵینەوە بەهایانە دادەنرێت کە لە ئۆکرانیا بڵاوکراونەتەوە لەسەر بابەتی کێشەی کوردوستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست, لەکاتێکدا ئەم لێکۆڵینەوەیە لەساڵی 2007 تەواوکراوە, وە لەوکاتەوە لە کوردوستانی عێراق و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا گۆرانکاری زۆری بەسەر هاتوە .**

**لەنێو لێکۆڵەرە ئۆکرانیەکان کە لیکۆڵینەوەیان لەسەر کێشەی کوردوستانی عێراق کردوە بریتین لە : سینکێڤیچ , پۆپەڤە, گۆڵوب,بەردیلۆڤسکی و کوختە کەلێکۆڵینەوەکانیان لەسەر بەراوردی نێوان کەمینەکانی ناوچەکانی ئێران ,عێراق,تورکیا و سوریا کراون .لە لێکۆڵینەوە و وتارەکانی لێکۆڵەر (بەهار عبدول قادر) باس لەگەشەی پرسی کورد لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دەکات لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ماوەی ناوەڕاستی ساڵی 1970 بۆ 1990 دا .**

**لە بورای (گەشەی سیاسی ئۆتۆنۆمی کورد ) دوای ساڵی 1992 دا لە چەند بڵاوکراوەیەکدا دەبینرێت وەك : ستانسفێڵد , ئیلیدز ,ئاندرسۆن ,ڕۆمانۆ ئیڤانۆڤ و سەپرۆنۆڤ . ئەو کێشانەی کە بە گشتی تاییەتە بە بابەتی دەستوری عێراقی فیدراڵی شیکراوەتەوە لە لایەن ئەم نوسەرانەوە وەك: دانیلۆڤیچ, بەدرخان, هیڵترمان , ئەلیکساندەر . وە بابەتی ئابووری ,سیاسی وە یاسایی نەوت غاز لەلایەن ئەم نوسەرانەوە وەك : جۆرج ڕۆبێرتز ,میللز , فراپی ,مەنەفۆڤ .وە شیکردنەوەی گشتی لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر حکومەتی هەرێم لە نامەی دکتۆاری (نەوزاد عبدول شوکری ) دا بە چاودەکەوێت. وە لە وتارەکانی ئەم نوسەرانەش باس لە پەیوەندی ئەمریکا و کوردوستانی عێراق دەکرێت بەوردی وەك :مۆساکی ,روبین , هیونتەر و گۆران صەباح غەفور .**

**پەیوەندی کوردوستانی عێراق لەگەڵ تورکیادا لە چەند بڵاوکراوەیەکدا بەرچاو دەکەوێن وەك:بەرکی,ڕۆمانۆ ,سڤیستونۆڤ , کمال ئیلدیز و میولەر. لە بڵاوکراوەکانی (ئیتچەکۆڤە ) دا شیکاری زۆر بەرچاودەکەوێت دەربارەی پێگەی**

كوردوستانی عێراق لە هاوكێشەی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا.وە چەند شیكردنەوەیەكی فراوانتر دەربارەی سیاسەتی ئێران بەرامبەر عێراق و پەیوەندی كوردەكانی عێراق لە گەڵ كۆماری ئیسلامی ئێراندا لە چەند وتارێكدا دەبینرێت كە ئەم نوسسەرانەن : رۆبێرت بۆندجێر و بەرزیگار .وە كێشەی ئابووری نێوان حكومەتی هەرێم و ئێران لە وتارەكانی هەریەك لە :مۆساكی دەبینرێت . وە لەچەند بوارێكی جۆراوجۆری پەیوەندی كوردوستانی عێراق لە هەریەك لە :نەجات , قاصیر , سۆلەر, لۆكیانۆڤ و مینەسیان نوسیویانە .

**<u>لە بەشی یەكەم لقی 1.2</u>** : "خوێندنەوەیەك بۆ چمكەكانی مێتۆدۆلۆژیای ئۆتۆنۆمی كورد لە عێراق وە ئەو دەورەی كەدەیبینێت لە سیستەمی هاوچەرخی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكاندا " شیكردنەوەیك بۆ گرنگترین ئەو تیۆرانەی كە نزیكدەبنەوە لە كێشەكانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان.پشت بەستن بەوشیكاریانەی كە بەكارهێنراون بۆ دەست نیشانكردنی ناونیشانی نامەی دكتۆراكەم ,سود لە چەندین پەیڕەوانی قوتابخانەیەكی جۆراو جۆر بینراوە وەك: نیۆلیبرالیزم , نیۆڕیالیزم,بونیادخوازی (كۆنستروكتیفیزم) .هەرلەخۆیدا سەرهەڵدانی ئۆتۆنۆمی كورد لە عێراق و ئەو لایەنگریە پارێزگاریە نێودەوڵەتیەی كە لێی كراوە ئەتوانرێت لە چوارچێوەی قوتابخانەی لیبیرالیدا خۆیی ببینێتەوە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكانەدا وە شرۆڤەكردنی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان بەتەنها وەك رێكخستنی بۆشاییەیە كە لە پەیوەندی نێو دەوڵەتەكان هەیە, وە لەگەڵ ئەوفاكتەرانەی كە پاڵنەرن بۆ پێوانەی ئەخلاقی و یاسایی .وەلەهەمان كاتدا ئەو چەمكە ریالیستەی بەلانسی هێز باشترین بەڵگەیە بۆ تێگەیشتن لەئێستادا بۆ ئەوپەیوەندیەی كە لایەنە بەهێزەكان هەیانە لە ولاتە دیموكراتیەكانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەرامبەر بیرۆكەی سەربەخۆی كوردوستانی عێراق .

وەهەر لەم بەشەدا باس لە "مێژووی خەباتی كورد بۆ بونیاتدانی كوردوستانی عێراق " دەكات, وە گرنگترین ئەو قۆناغەمێژوویانەی كە گەشەسەندنی پرسی كورد لە عێراق دەردەخات وە گرنگترین ئەو ساتە شلۆقانەی كە كاریگەربوون لەسەر ئۆتۆنۆمی كورد لەم كاتەدا.

یەكەمین پرسی چارەنوسی نەتەوەی كورد كە بوبە بابەتێكی نێودەوڵەتی لە دوای كۆتایی جەنگی جیهانی یەكەم و هەرەسهێنانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی بوو ,كاتێك زۆرینەی ناوچە نەتەوەیە كوردەكان كەوتبونە سنوری

عوسمانیەکانەوە.لەکاتێکدا کە ویلایەتی موصل لە ژێردەستی عوسمانیەکانەوە خرایەوە سەر عێراق وە لەم ساتەدا کوردوستانی عێراق سەری هەڵدا کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردی رەسەن بوون ,کە سنوورەکانیان جیاکرابوونەوە لە خاکی کوردان لە تورکیا ,سوریا , ئێران. وەزیاتر ئەو دەستپێشخەریانەی کە لە چوارچێوەی سیاسەت و موئەسەساتی ئابووری کۆمەلایەتیدا دەکرێت کە لەژێر کاریگەری ئەو دۆخەو رووداوانەن کەبەسەر عێراقداهاتووە.

قۆناغی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە ساڵی 1946 سەری هەڵدا لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردوستانەوە کە پرۆگرامێکی چاکسازی فراوانی خستەڕوو لەبوارەکانی ئابووری کۆمەلایەتی وە توانی ئامانجی بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردوستانی عێراق بەدەست بهێنێت.دوای راگەیاندنی کۆماری عێراق لە 1958 دا بە سەرۆکایەتی بارزانی , پارتی دیموکراتی کوردوستان بوبە فاکتەرێك بۆ خەباتی سیاسی لە ولاتەکەدا, وە پشتگیری کردنی لە لایەن چەندین دەوڵەتانی بیانیدا. هەوڵەکانی رژێمی (عبدول کریم قاسم) بۆ سەرکوت کردنی جولانەوەی نەتەوەی کورد ئەنجامەکەی هەڵگیرساندنی شۆرشی کوردیی بوو 1961 دا کە لە 11 ئازاری 1970 دا بەیان نامەیەکیان واژۆوکرا کە توانیان مافی کورد و ئۆتۆنۆمی بەرفراوان بەدەست بهێن, بەلام لە دوای چوارساڵ ئەم رێکەوتنە هەڵوەشایەوە و کورد بە رەورووی ململانێیەکی تربوەوە .لەبەرواری 1975 دا بە پەیمانێکی نێوان ئێران و عێراق بوبە هۆکاری هەرەس هێنانی شۆرش و حکومەتی عێراق توانی کۆنترۆڵی کوردوستانی عێراق بکاتەوە .

یەکێك لە تراجیدیا ترین ماوە کەبەسەر کورداهاتوە لە عێراق لەساڵی 1987-1988 کاتێك چەندین کورد کەوتنە بەر لێشاوی شالاوی ئەنفال کردن لە لایەن حکومەتی رژێمی بەعس .وە ئەو هەڵوێستە توندرەوەیی کە سیاسەتی دەرەوەی عێراق گرتبوە دەرەنجامەکەی هەرەسهێنانی رژێمی عێراق بوو, وە ئەمەش شانسێك بوو بۆ کورد بۆ رێك خستنەوەی خۆی بۆ بە دەوڵەت بوون. داگیر کردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە لە ساڵی 1991 دا ئەمەش هەلێکی تربوو کە بۆ کورد رەخسا بۆ دروست کردنی کوردوستانی عێراق کە وەکو ئۆتۆنۆمی سەربەخۆ دوور لە کۆنترۆڵی حکومەتی مەرکەزی , وە پارێزگاری لە خاکەکەی لەلایەن هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی. چونەناو عێراق لە ساڵی 2003 لە

لایەن ئەمەریکیەکانەوە بوبە هەنگاوێکی گرنگ بۆ بونیاتنانی دەوڵەتێکی سیاسی نوێی عێراق. وە لەم قۆناغە مێژوویدا کوردوستانی عێراق ڕووبە ڕووی چەند کێشەشەك بووە لە گەڵ بەغداد دا .

### دەرەنجامی بەشی یەکەم

لە شیکردنەوەکەماندا تیشك دەخینە سەر ڕۆڵ و پێگەیی کوردوستانی عێراق لە سیستەمی هاوچەرخی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان,وە نوسەر پێشتنیاری چەند توێرێکی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دەکات وەك (نیولیبراڵی , کۆنستروکتیڤیزم , نیۆریالیست) کە دەتوانرێت ببەسترێتەوە بە ناوەڕۆکی بابەتەکە. وەبەتاییەتی ئەم توێرانە زرۆرگرنگن بۆ گەشەسەندنی ئۆتۆنۆمی کورد لە عێراق وە بۆتە هۆی کاریگەری لەسەر کاریکتەرە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان وەك (ڕێکخراوە پاراستنی مافی مرۆڤ , ڕاگەیاندن و میدیاکان) ,لە ئەنجامی ئەو پێشێلکاریانەی دەرحەق بە مافەکانی کورد و توندوتیژی بەرامبەریان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەمەش بۆتە هۆی گرنگی دان بە پرسی کورد و دەستێوەردانی ولاّتانی ڕۆژئاوا بۆ ناو سیاسەتی ناوەوەی ولاّت. وە گرنگترین ئەو پشتگیریانەی لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی جیهانی درا بۆ پارێزگاری لە مافی مرۆڤ لە عێراق وە پشتگیری نێودەوڵەتی .

بە پێی شیکردنەوەکانمان پەیرەوی قوتابخانەی (کۆنستروکتیفیزم - بینائی) یەکێکە لە کاریگەرترین ئامراز بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر پێگەی کوردوستانی عێراق وە بەتاییەتی لێکۆڵنەوەی بنەمایی ئایدۆلۆژی لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان لە ڕۆژهەلاّتی ناوەراست. وە بەتاییەتی ئەو هەولاّنەی ئەمەریکا دەیدات لە سیاسەتی دەرەوەی بۆ گەشەسەندنی دیموکراسی و پارێزگاری لە مافی مرۆڤ, وە لە ئاستێکی دیاریکراو کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندیەکانی واشنتۆن و کاردانەوەی هەلوێستەکانی لەسەر ئەکتەرە نێودەوڵەتیەکانی لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست. وە بە هەمانشێوە لە عێراقیش , ئەولایانانەی کە دژی ئەمەریکا دەوەستنەوە لایەنە شیعەکانن وە لەهەمان کاتدا واشنتۆن بە دوژمنی خۆیان دەژمێرن.

وەلەهەمان ساتدا , چەمکی ریالیستی (بەلانسی هێز) کە هەوڵدەدات دەوڵەت سەربەخۆبێت لە پێکهاتەو وە بەهاکانی کۆمەڵگا, ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە لە ئێستادا بۆ دروست بوونی پەیوەندیەکی خراپ لەسەر ئەم هەموو

**كاریگەریانەی لەسەر وولاّتە دیموكراسیەكانی ڕۆژهەلاّتی ناوەراست بۆ بیرۆكەیی سەربەخۆی بۆ كوردوستانی عێراق,كە مەترسی دەخاتە سەر بەرژەوەندیەكانی ئەو ولاّتانە لەگەلّ توركیا,وە دەتوانێت عێراق لاوازبكات وەك ناهاوسەنگیەك دژ بە ڕژێمی ئێران .وە لەلایەكی ترەوە ,وە ئەمەش شێوەیەكی راستی دەردەخات لە هەلّوێستەكانی فیدراڵی كورد بەرامبەر پەیوەندیەكانی لەگەلّ هاوەلّە نێودەولّەتیەكانی.**

**لەم لێكۆلّینەوەیەدا ئەووەمان بۆ دەردەخات كە كێشەی بابەتی لێكۆلّینەوەكە رەنگدانەوەی بابەتی لێكۆلّەرە بیانیەكان و ناوخۆییەكانە, كە تیشك دەخاتە سەر لایەنە سیاسیە مێژوویەكانی نەتەوەی كورد لە ناوچەكەدا,وە كاریگەری لەسەر بەڕێوەبردنی دەولّەت و ئەو فاكتەرانەی كە پێگەكانیان دیاری دەكات. ئەو كەموكوریانەی كە لەم بابەتەدا هەن بریتیە لە دلّنیا بونەوە لەسەر بابەتی كورد وە گرنگی پێنەدان بە پێشكەوتنیان بۆ بە نێودەولّەتیبوونیان وە گەشەسەندنی نەتەوەی كورد لە ناوەڕۆكی بەرژەوەندی ولاّتە هەژموون دارەكانی ناوچەكان . وە بنەمایە سەرەكی بابەتی لێكۆلّنەوەكە بەندە لەسەر چەند ئەرشیفێكی گرنگی لێكۆلّینەوەی ئەكادیمی.**

**<u>بەشی دووەم : پێكهێنانی ئۆتۆنۆمی كورد و پێگەی سیاسی لە پێكهاتەی عێراقدا :</u>**

2.1 **<u>پێگەی كوردوستانی عێراق و پەیوەندی دوولایەنەی لەگەلّ حكومەتی فیدراڵیدا :</u>**

**لەم بەشەدا باس لە "پێگەی سیاسی كوردوستانی عێراق و پەیوەندی دوولایانەی لەگەلّ بەغدادا " بەوردی شیكاریكردن بۆ یاساو سیاسەتی حكومەتی هەرێمی كوردوستان و ئەو كێشانەی دولایانەنەی كە ڕوبەرویان دەبنەوە لەگەلّ حكومەتی عێراقدا.**

**لە دوای روخاندنی ڕژێمی صەدام حسێن لە ساڵی 2003 دا, پێگەی سیاسیی و یاسایی كوردوستانی عێراق دیاری دەكرێت لە عێراق . لەلایەن كوردوستانی عێراق مەرجی پەیوەندی دەولّەت لەگەلّ حكومەتی ناوەندا دەپارێزرێت , وە عێراق بەرەو لامەركەزیەت دەڕوات.**

ئەم مەرجە لە ناو دەستوری ولأتدا چەسپێنراوە بە هەوڵی کوردەکان لە بەرواری 2005 دا.وە ئەم دەستورە نوێیە وای لەعێراق کرد ببێتە ولأتێکی فیدراڵی وە دان بە ئۆتۆنۆمی کوردا بنێت , وە کیانێکی فیدراڵی ( ناوچەی کوردوستان ) لە عێراق دروست ببێت. بەلأم بێجگە لە کوردوستانی عێراق هەتا ئێستا هیچ ناوچەیەکی فیدرالی تردروست نەبوە لەعێراق. وە لە پاڵ ئەوەشدا ئۆتۆنۆمی کورد بە شێوەیەکی پراکتیکی لە چوارچێوەی یاساکانی دەستور لایداوەو شیوەی خۆبەڕێوەبردنی سەربەخۆی گرتۆتەبەر .

سەلمێنراوە کە ئەم کۆسپەی کە هاتۆتە ڕێیی بونیات نانی سەقامگیری و دروستکردنی پەیوەندی ناوچەی کوردوستانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ بە کێشەیەکی نوی نێوان کورد و عەرەب لە عێراقدا . یەکەم کێشە بریتیە لە سنوری ئۆتۆنۆمی کوردی کە هەندێك ناوچەی وەك کەرکوك کەدانیشتوانیان بێجگە لە کورد چەند نەتەویەکی تر تیایدا دەژی.

دووەم کێشە کە لە نێوان حکومەتی هەرێم بەغدادا بریتیە لە کۆنترۆڵکردنی سامانە سروشتیەکانی نەوتو غاز , کەئەمەش ململانێی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم دروست کردوە . یەکێك لەو کێشانەی تر کە پەیوەستە بە پێگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی عێراق ,کە لە چوارچیوەی یاساو دەستوری عێراقیەوە چارەسەریان سەرکەوتو نەبوە,وە ئەم بارەی کە ئێستا کوردوستانی عێراق تێیدایە پەیوەندی سیاسی نێوان بەغداو هەولێر دەردەخات. ئەوهەوڵە شکست خواردویەی ریفراندۆم بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆ لە 25 سیپتەمبەری2017 دا وەلە دەست دانی چەندین ناوچە بەتاییەتی کۆنترۆڵکردنی کەرکوك , کەئەمەش بۆبە هۆی لاوازکرنی ئۆتۆنۆمیەکەمان و بەرامبەر حکومەتی فیدڕاڵی,وەئەمەش نەبوە تەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان . لە حاڵی حازردا ئەو کێشانە دەبێت چارەسەرێکی ڕیشەی بۆ بدۆزرێتەوە لە چوارچێوەی عێراقدا یان راگەیاندنی سەربەخۆی کوردوستانی عێراق .

## 2.2 ڕۆڵی فاکتەرەکانی وزە لە سیاسەتی ئۆتۆنۆمی کورددا :

**"گرنگی فاکتەرەکانی وزە لە سیاسەتی ئۆتۆنۆمی کورددا "** دەرکەوتنی گەشەسەندنی سیاسەتی کەرتی نەوت و غاز لە کوردوستانی عێراقدا,وە بایەخی بۆ ئابووری ناوچەکە وە ئەوپەیوەندیەی کە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەغدادا هەیەتی.

سەرەکیترین سەرچاوەی ستراتیجی سروشتی کوردوستانی عێراق نەوتە,کە حکومەتی هەرێم هەوڵدەدات بۆ دەست گەیشتن بەسەرچاوەی تازە بۆ پشت نەبەستن بە بەغداد, دەسەلآت دارانی هەرێم توانای خۆیان خستۆتەگەر بۆئەوەی ئەم هەلە بقۆزنەوە بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی فیدراڵی ,وە ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی بۆ وەبەرهێنان لە ناوچە کوردیەکان بە هۆیی ئەوەی ئەم ناوچانە لەڕووی ئەمنیەوە ئاسایش و سەقامگیرن, وە قازا نجێکی زۆرتر و گرێیەستەکان ئاسنترن بە پێچەوانەی حکومەتی فیدراڵیەوە.

ئەو هەڵوێستە سەربەخۆیەی هەولێر گرتویێتە بەری لە کەرتی نەوت وغاز دا بوەتە هۆکاری نارەزایی حکومەتی فیدراڵی . نەبوونی چارەسەرێکی ڕیشەی نێوان بەغداد و کوردوستانی عێراق , هەرلەبەر هۆکاری قۆرخ کردنی سەرچاوە نەوتیەکان پرۆسەی بە فیدرالیکردن وەستاوە لەعێراق. تێکرای ئەوکێشانەی کاریگەرە لەسەر دەستورو پەیوەندیە دوولایانەی نێوان عێراق و هەرێمی کوردوستان . لە لایەکی تریشەوە ئەم کێشەیە لە ئە نجامی بە ئۆتۆنۆمیبوندا سەری هەڵداوە.

## دەرنجامی بەشی دووەم

گرنگترین ئەو قۆناغە سەركیانەی كە لە مێژووی هاوچەرخی كوردوستانی عێراقدا دیاری دەكرێت بریتەیە لە ڕوخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە 2003 دا بە دەستی ئەمەریكاو هاوپەیمانەكانی كە گرنگترین و سەرەكیترین هاوپەیمان كوردەكان بوون. وە لەم ساتەوە كورد بوبە فاكتەرێكی سەرەكی بۆ بونیاتنانەوەی عێراقێكی نووێ. وە لە پرۆسەی بونیاتنانەوەی عێراقدا كوردوستانی عێراق لە چوارچێوەی عێراقدا مایەوە و وە پێكهاتەی عێراق بوبە فیدراڵی.وە لەم گۆرانكاریەدا عێراق ڕووبەرووی توندوتیژی و ململانێی سەخت بوەوە لە نێوان شیعەكان و سونەكان , وە لەم دۆخەدا كوردوستانی عێراق توانی ببێتە زۆنێكی ئارام دور لە جەنگی ناوخۆ و ڕۆڵێكی گرنگ ببینێت لە پروسەی سیاسی عێراق بەگشتی .

لە هەمواركردنی یاسایی دەستوری عێراق لە بەرواری 2005 دا لە یاسایی فیدراڵی بوونی جێگیركرد لە عێراق كە ئەمەش یارمەتی دەرێك بوو بۆ دروست بوونی ناوچەی هەرێمی سەربەخۆ بۆ نەتەوە كەمینەیەكان وە لەئەنجامدا كوردەكان توانیان حكومەتی هەرێمی كوردوستان بەفەرمی رابگەیەنن . گرنگترین ئەو یاسایانە كە چەسپێندرا لە بارودۆخێكی ناهەموار و ناكۆك لە سەر هەندێك یاسای دەستوری لە نێوان لایەنە سونەو شیعەو كوردەكاندا كە ئەمەش كاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر تەواوكردنی پرۆسەی فیدرالیبوونی عێراق وە ئەم پرۆسەیە بە تەواو نەكراوی مایەوە. لە دوایی روخاندنی سەدام هەندێك كێشە نێوان هەولێرو بەغدا هەن كە بە چارەسەر نەكراوی دەمێننەوە كە ئەمەش كاری گەری دەبێت لە سەر كوردوستانی عێراق .

یەكەم: یەكێك لە و كێشانەی كە ناكۆكن لەسەری بریتیە لە سنورێكی جێگیر بۆ ناوچە كوردستانەیەكان. كوردەكان داوایی گەراندنەوەی ناوچە دابراوەكان دەكەنەوە لە بەغداد كە گرنگترین ئەو ناوچانەی كە ناكۆكیان لەسەری بریتین لە شاری كەركوك كە كوردەكان بە پایتەختی مێژووی خۆیان دەزانن . لەدەستوری عێراق دا چەند یاسایەكی دەستوری

**هەن کە چارەسەری ئەم کێشانە دەکەن کە بە مادەی 140 ناسراوە کە لە یاسایەدا باس لە چارەسەری کێشەی کەرکوك دەکات بە شێوەی ریفراندۆم .**

**دووەم: دووەم بابەت کە بۆتە کێشە لە نێوان بەغداد و هەولێردا ئەویش پرسی نەوت و غازە لە ناوچەی کوردوستانی عێراق , بەلاّم بەغداد سورە لەسەر کۆنترۆڵکردنی داهاتی نەوت و غاز لە هەموو ولاّتدا , بەلاّم حکومەتی هەرێم هەستاوە بە فۆرخ کردنی سەرچاوە نەوت وگاز وە ئەمەش سەرنجی وەبەرهێنەرانی بۆلاّی خۆی راکێشاوە. گرنگترین ئەو هاوپە یمانیانەی کە هەولێر لەگەڵ دەوڵەتی دراوسێدا کردویەتی پە یمانی نەوت و غازە لەگەڵ تورکیا کە ئەمەش وادەریدەخات کە کوردەکان ناچارین بە پابەندبونیان بە پە یمانەکانیان لەگەڵ ئەنقەرەدا .**

***بەشی سێهەم :کوردوستانی عێراق لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا***

**لەم بەشەدا باس لە " کوردوستانی عێراق لە سیستەمی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دەکات " لەدوایی 2003 دا دەرکەوتنی چالاکیەکانی کوردوستانی عێراق لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا. بەتایبەتی پەیوەندی لەگەڵ هاوبەشەکانی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست , لە پێش هەمویانەوە (تورکیا وئێران).وە گرنگترین پەیوەندی نێوان ئۆتۆنۆمی کورد و ئەمەریکایە , وە بابەتێکی تر کە بریتیە لە پەیوەندی کوردوستانی عێراق لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا .**

***3.1 گەشەسەندنی پەیوەندی ئۆتۆنۆمی کوردی لە گەڵ هاوبەشە ناوچەیوو وە ئەورووپیەکاندا :***

**لەم بەشەدا باس لە " پەیوەندی نێوان کوردوستانی عێراق لەگەڵ هاوبەشە ئەورووپیەکان و ناوچەیەکان "دا دەکرێت ئەم بەشە دابین کراوە بۆ پەیوەندی نێوان کوردوستانی عێراق لەگەڵ کۆماری تورکیاو کۆماری ئیسلامی ئێران وەهەروەها ئیسرایل و رووسیاو چەند ولاتییێکی دیکە .**

**ئۆتۆنۆمی کورد لە عێراق سیستەمێکی پەیوەندیی نێودەوڵەتی تایبەبەت بە خۆی هەیە, هەندێك جار لە چوارچێوەی پەیوەندیە فەرمەیەکانی دەوڵەتی عێراق لادەدات.حکومەتی هەرێم هەوڵدەدات بۆ فراوانکردنی پێگەی نێودەوڵەتی وەبەکارهێنانی بەرژەوەندی ئابووری بەڵنداریێتی لەگەڵ هاوبەشەکانیدا .**

**لەئاستی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست گرنگترین هاوپەیمان برتین لە کۆماری تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران . لە نێوان ئەو فاکتەرانەی کە سیاسەتی کورد دیاریدەکات لە عێراق بریتین لە ئەنقەرە و تەهران. یەکەمین شوێن برتییە لە و ناوچانەی کە زۆری دانیشتوانیان کوردن , کەچەندەها ساڵە خەبات دەکەن بۆ دەستکەوتنی مافی نەتەوی خۆیان. پەیوەندیەکانی ئەنقەرە و هەولێر دوای 2003 بۆ بە هێزکردنی پێگەیان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و وەدەوری هاوبەشی سەرەکی دەبینێت. وە ئەمەش بەرچاو دەکەوێت لە وەبەرهێنانی تورکیا لە حکومەتی هەرێم وە لە هەمان کاتدا ئەنقەرە بەرژەوەندی هەیە لە کەرتی وزەی هەرێم .**

**دەربارەی پەیوەندی ئێران و کورد لە چوارچێوەی ستراتیژی لەگەڵ بەغداو لایانگرانی شیعە وبەرپەرچدانەوەی ئەمەریکا. بە گشتی پەیوەندی ئێران و تورکیا لەگەڵ کوردوستانی عێراقدا تایبە تمەندیەکی پراگماتیکی و دژواریان هەیە . وە ئەنقەرە و تەهران ئەیەوێت پەیوەندیەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا چاك بکەن لە بەرژەوەندی سیاسەتی ناوخۆی خۆیان بە رامبەر کوردەکانی ناو ولاتی خۆیان. وە لەهەمانکاتدا ستراتیژیای ناوچەی بەشێوەیەکی گشتی . هەندێك جار چەند کێشەیەك ڕوودەدات لە نێوان ئەوان و هەولێردا دەربارەی پرسی سیاسەت و ئابووری و بەتایبەتی سەربەخۆی کوردوستانی عێراق .**

**لە لایەکی ترەوە پەیوەندی دولایەنەی حکومەتی هەرێمی کوردوستان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا دروست بوە لەڕێگەیی هاوکارییە ئابووریەکان و خێرخوازیەکان. سیاسەتی یەکێتی ئەوروپا بەگشتی بە رامبەر بە کورد بەندە لەسەر هاوکاری کردن و دان نان بە پرانسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی , یەك پارچەی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگەی سازدان و دیالۆگ لەگەڵ ئەو لایانانەی کەلە ململانێکەدان .**

**بێجگە لە ئیسرایل,ئەجندای نێودەولەتی بەرامبەر بە کورد لەم کاتەدا لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکان پشتگیری ناکرێت لە سەربەخۆیی بونی نەتەوەی کورد, بەلاّم کێشەی کورد لە چوارچێوەی مافی مرۆڤدا خۆی دەبینێتەوە (کە لە لایەن هەندێك ولاّتەوە ئەم کێشەیە بە بابەتێکی ریتۆریکی واتە ڕەوانبێژی لەقەڵەم دەدرێت ) وە ئەولەویەت بە چەسپاندنی ئارامی دەدرێت لە خۆرهەلاّتی ناوەڕاستدا .لەم کاتەدا کۆدەنگیەکی نێوان ولاّتەکان هەن لەسەر ئەوەی کە پێویستە**

